

ئالڤێش نهێنییەکەی بۆ یاریزانێکی پێشووی بارسێلۆنا ئاشکرا کردووە..

# "تارزان رووبەڕووی مێسی ببێتەوە بە شەق دەردەکرێت"

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

کۆنە یاریزانێکی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، نهێنییەکی پشت پەردەکانی یانەی کەتالۆنی ئاشکرا دەکات، کە پەیوەستە بە دەستەڵات و باڵادەستی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یەکەمی ئەو یانەیەو دەڵێت "دانی ئالڤێش ئەو نهێنییەی پێگوتوومە".

ئارماندۆ لۆزانۆ، یاریزانی یانەی فۆینلابرادای ئیسپانی، کە لەم وەرزەی جامی ئیسپانیادا رووبەڕووی یانەی ریال مەدرید بووەتەوە، باس لە بەسەرهاتێکی خۆی و ئالڤێش دەکات و دەڵێت "ئالڤێش هەر زوو هۆشداری پێدام کە بەهیچ شێوەیەک رووبەڕووی مێسی نەبمەوە، ئەگەرنا چارەنووسم باش نابێت".

لۆزانۆ، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی 2009 تاوەکو 2012 یاریزانی تیپی دووەمی بارسێلۆنا بووە، بەر لەوەی بچێتە یانەی ڤیراکرۆزی مەکسیکی و لەوێشەوە بگەڕێتەوە ریزەکانی فۆینلابرادای ئیسپانی، باسی یەکەمجار مەشقکردنی خۆی لەگەڵ تیپی یەکەمی بارسێلۆنا دەکات و دەڵێت "یەکەمجار کە مەشقم لەگەڵ مێسی و ئالڤێش کرد، ویستم هەندێ بە توندی مەشقەکانم بکەم، جارێکیان رووبەڕووی مێسی بوومە، ئالڤێش بانگی کردم و گوتی وەرە ئێرە تارزان با ئامۆژگاریەکت بکەم، ئاگات لەخۆت بێ، ئەوە مێسییە". هەروەها دەشڵێت "ئالڤێش راشکاوانە پێیگوتم بە توندی رووبەڕووی مێسی مەبەرەوە، ئەگەرنا بە شەق لە بارسا دەرت دەکەن، تەنانەت ئەگەر تارزانیش بی".


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (472) سێشەممە 2017/11/7 16ی گەلاڕێزان - 2717 (500) دینار رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات


ریال مەدرید هەمیشە ئامانجەکانی نوێ دەبنەوە..

# "قەیران.. کامە قەیران؟"

"لەبەر رۆناڵدۆ کەس ناتوانێ توخنی بنزیمە بکەوێ"




3


## رۆماریۆ یان بیبیتۆ دەبێتە سەرۆکی بەرازیل


7



2


یونس شوکر:

بیری کەرکووک دەکەم




4


جادووگەرێک هەڵبژاردەی ئەرجەنتینی گەیاندووەتە مۆندیال




6


مارادۆنای بەرازیل لە گەراجی ئۆتۆمبێلەوە بۆ هەڵبژاردەی سامبا





## ڕێککەوتووە

ساڵح جابری یاریزانی پێشووی یانەی زاخۆ، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند لەگەڵ یانەیەکی پلە یەکی خولی ڕۆمانیا ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی یاری بۆ بکات، کە یانەیەکی بەهێز و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە. ساڵح جابری تەمەن 31 ساڵان، گوتی «من لەگەڵ یانەی کرایۆڤای ڕۆمانی ڕێککەوتووم و یاری بۆ ئەو یانەیە دەکەم». یاریزانی ناوبراو هەروەها گوتیشی «هۆکاری ڕۆیشتنم بۆ ئەو یانەیە ئەوەیە کە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەرفراوانە لە ڕۆمانیا».

# کاوە یانەیەکی لیبیا ڕەتدەکاتەوە



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

کاوە ئیبراهیم، راهێنەری گۆڵپارێزانی تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند یانەیەکی خولی پلە نایابی لیبیا پەیوەندی پێوە کردووە بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری، بەڵام ئەو رەتیکردووەتەوە، چونکە پێیوایە خولی کوردستان لە هەموو خولەکانی دیکە باشترە.

کاوە ئیبراهیم، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لە ماوەی رابردوو لە لایەن بریکاری یەکێک لە یانەکانی خولی پلە نایابی لیبیاوە پەیوەندیم پێوە کرا بۆ ئەوەی بچمە ئەو وڵاتەو مەشقی گۆڵپارێزانی ئەو یانە لیبییە وەربگرم، بەڵام ئەو کارەم رەتکردەوە، چونکە من ئێستا لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێرم، ئەمساڵیش گرێبەستم لەگەڵیان تازە کردووەتەوە، دەمەوێ بۆ خولی کوردستان زیاتر خزمەت بکەم و گۆڵپارێز بۆ یانەکەم دروست بکەم و ئاستیان بەرز بکەمەوە». لەبارەی خولی عێراقیشەوە، کاوە گوتی «یانە هەبووە ویستوویەتی من کاری لەگەڵ بکەم، بەڵام ئێستا خولی کوردستانم پێ لە گشت خولەکانی دیکە باشترە». ئەو گۆڵپارێزەی پێشووی یانەی هەولێر، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێستا یانەکەیان هیچ گرفتێکی ئەوتۆیان نییە، بێجگە لەوەی گۆڵپارێزی یەکەمی تیپەکەیان کاوە حەسۆ سەفەری دەرەوەی کردووەو گوتی «پێویستیمان بە گۆڵپارێزێکی دیکە دەبێت بۆ ئەوەی ئەمساڵ ئاستمان باشتر بێت لە وەرزی رابردوو». کاوە ئیبراهیم، لە چەندین یانەی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی ئەرکی مەشقدانەوەی گۆڵپارێزی لە ئەستۆ گرتووە، خاوەنی چەندین بڕوانامەی راهێنەرایەتییە.

## کاردۆ ئاسۆ، یاریزانی کوردی یانەی نۆربی بوروسی سوێدی:
# حەزدەکەم یاری بۆ یانەی دالکورد بکەم

**هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی**

کاردۆ ئاسۆ، یاریزانی یانەی نۆربی بوروسی سوێدی، کە لە خولی پلە یەکی سوپەرتان یاری دەکات، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە بتوانم لە ریزەکانی یانەیەکی بەناوبانگی ئەوروپا یاری بکەم، حەزیشم دەکرد یانەی دالکورد داوام لێبکات بچمە ریزەکانی».

زۆر لە یاریزانانی کوردی تاراوگە بە توانا و لێهاتوویی خۆیان بوونەتە جێگای متمانەی یانەکانی ئەوروپا، کە زۆرترین دەرکەوتنیان هەیە لە سەر ئاستی ئەوروپا، هەندێک لەو یاریزانانە هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ ئەوەی بگەنە یانەکانی بەناوبانگی ئەوروپا. یەکێک لەو یاریزانانەش کاردۆ ئاسۆی یاریزانی یانەی نۆربی بوروسی سوێدییە، کە لە ساڵی 1995 لە وڵاتی سوێد لەدایکبووەو بە رەگەز خەڵکی شاری سلێمانییە.

کاردۆ ئاسۆ، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) گوتی «ئێستا من گرێبەستم هەیە لەگەڵ یانەی نۆربی بوروسی پلە یەکی سوێدی و لە خولی سوپەرتان یاری دەکەم، ئەو خولە خولێکی گرنگ و بەهێزە لەسەر ئاستی سوێد، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەم لەگەڵ تیپەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم باشترین ئاست پێشکەش بکەم، یارمەتی یانەکەشم بدەم بچێتە خولی نایابی سوێدی و خۆشم لە رێگای ئەو یانەیەوە بگەینمە ریزەکانی یانەیەکی گەورەی ئەوروپا».

ئەو یاریزانە کوردە، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداوی وەرزشی) گوتی «زۆرم حەز دەکرد بۆ یانەی دالکورد یاری بکەم، چونکە یانەیەکی بەهێز و کوردییە، بەڵام ئەوان داوای منیان نەکردووە». هەروەها گوتیشی «تەمەنی من تەنیا 22 ساڵە، هێشتا هەلی زۆرم لەبەردەستە بۆ ئەوەی خۆم بگەینمە یانەیەکی گەورەی یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا».

لەبارەی یاریکردنیشی بۆ یانەیەکی کوردستان، کاردۆ گوتی «ئامادەم بگەڕێمەوە کوردستان و خزمەت بە وەرزشی کوردستان بکەم، بەڵام ئێستا بۆ من تا رادەیەک قورسە، چونکە من خەریکی یاریکردنم لەگەڵ تیپەکەم». هەروەها کاردۆ گوتیشی «هەر رۆژێک بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بانگهێشت بکرێم، بەو پەڕی شانازییەوە یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم دەکەم، من شانازیی دەکەم کە کوردم و هەموو لایەکیش دەزانن کە من هەموو کاتێ شانازیم بە کوردبوونی خۆم کردووە، پێشووتریش لە ریزی لاوانی یانەی ئیلفسبۆرگ یاریم کردووە».

یاریزانی ناوبراو، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە نزیکەوە چاودێری وەرزشی کوردستان دەکات و هیوادارە وەرزش لە وڵاتەکەیدا زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت. ئەو لەبارەی هەڵبژاردەی عێراقیشەوە گوتی «ئەوان چاودێریی منیان کردووە بۆ ئەوەی بانگهێشتم بکەن بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام تاوەکو ئێستا بەفەرمی نەبووە».

«هەڵبژاردەی عێراق چاودێری منی کردووە، بەڵام هێشتا بانگهێشتی نەکردووم»



«دەمەوێ پەرە بە ئاستی خۆم بدەم بۆ ئەوەی یاری بۆ یانەیەکی گەورەی ئەوروپا بکەم»

«بە شانازییەوە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دەکەم»

## یونس شوکر، یاریزانی یانەی هەولێر:
# بیری کەرکووک دەکەم

**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

یونس شوکر، یاریزانی پێشووی یانەی گازی باکوور و ئێستای یانەی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند دەیەوێ ئەمساڵ لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق خزمەتی یانەی هەولێر بکات و گوتی «زۆر بیری کەرکووک دەکەم».

یونس شوکر، ئەمساڵ بە درێسی یانەیەکی بەناوبانگی عێراق و کوردستان دەبینرێ، ئەویش یانەی هەولێرە، کە 6 ساڵ پێش ئێستا بە درێسی هەمان یانە جەماوەرییەکە دەرکەوتووە. یونس وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی گازی باکووری شاری کەرکووک رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە گەیاندنی یانەکە بۆ خولی نایابی عێراق و مانەوەی یانەکە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ بڕیاریداوە یاری بۆ هەولێر بکات. ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «زۆر بیری کەرکووک دەکەم، بەڵام ئێستا شتەکان گۆڕاون، ئیدی کەرکووک بۆ کورد وەک پێشان نەماوە».

لەبارەی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یانەی هەولێر، یونس شوکر بە (رووداوی وەرزشی) گوت «گرێبەستم لەگەڵ یانەی هەولێر بۆ ماوەی یەک وەرزەو لە هەردوو خولی نایابی کوردستان و عێراق یاری بۆ یانەی هەولێر دەکەم». یاریزانی ناوبراو هەروەها گوتیشی «وەرزی رابردوو گرێبەستم لەگەڵ یانەی گازی باکوور هەبوو، ئێستاش مۆڵەتی یاریکردنم لە خولی کوردستان لای ئەوانە، بەڵام من بڕیاری خۆم داوە، چونکە ئێستا ماڵم لە شاری هەولێرە، بۆ من یاریکردن لە یانەی هەولێر زۆر باشترە».

یونس ئاشکرایکرد کە لەنێو چەندین گرێبەستدا کە بۆی هاتوون، گرێبەستی یانەی هەولێری هەڵبژاردووەو گوتی «لە یانەی کۆفە لە باشووری عێراق و چەند یانەیەکی شاری بەغدادیش گرێبەستم بۆ هاتبوو، بەڵام من لەنێو هەموو ئەو گرێبەستانەدا یانەی هەولێرم هەڵبژارد، چونکە ئێستا یانەی هەولێر یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی کوردستان و عێراق، خاوەن پێکهاتەیەکی بەهێزەو دەتوانم بڵێم کۆمەڵێک لە بەهێزترین یاریزانانی عێراق لەم یانەیەن». ئەو گوتیشی «پێکهاتەیەکی بەهێزمان هەیە، تەنیا ئەگەر بکرێ یەک یان دوو یاریزانی پیشەگەر بهێنین باشتر دەبێت، ئەگەرنا هیچ کێشەیەکمان نییە».

یونس شوکر، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمساڵ هەموو هیوا و ئاواتێکیان ئەوەیە بتوانن ناوی یانەی هەولێر بەگەورەیی بهێڵنەوە «دەمانەوێ یانەی هەولێر لە ریزبەندی یانەکان لە هێڵەکانی پێشەوە بێت، هەرچەندە گرفتی داراییمان هەیە، بەڵام یانەی هەولێر یانەیەکی ئاسان نابێت و دەتوانێت کێبرکێ لەگەڵ سەرجەم یانە گەورەکانی عێراق بکات».



«یانەی هەولێر یەکێکە لە باشترین یانەکانی ئێستای عێراق»

## ئەمساڵ لە خولی نایابی عێراقدا..
# گازی باکوور تیپێکی ئاسان نابێ



**رووداوی وەرزشی ـ کەرکووک**

دارا محەممەد، یاریدەدەری راهێنەری یانەی گازی باکوور، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «ئامادەکارییەکانمان بەردەوامن بۆ بەشداریکردن لە خولی عێراق، ئەمساڵ دەمانەوێ نوێنەرایەتییەکی باشی شاری کەرکووک بکەین».

یانەی گازی باکوور ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بەشداری لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی دەکات و دەبێتە نوێنەری یانەکانی شاری کەرکووک، کە بەقسەی بەرپرسانی ئەو یانەیە، وەزیری نەوتی عێراقی بەڵێنی پێداون لە هەموو روویەکەوە هاوکاری تەواوی یانەکەیان بکات.

دارا محەممەد، یاریدەدەری راهێنەری یانەی گازی باکوور، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئامادەکارییەکانمان لەسەر یاریگەی خۆمان لە شاری کەرکووک دەستپێکردووەو رۆژانە یەکە مەشقییەکانمان بە چڕی ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی ئەمساڵ، کە ئێمە یەکەم وەرزە بەشداری لە خولەکەدا دەکەین، بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەستبێنین». ئەو دووپاتیکردەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە یاریزانانی کەرکووک دەبەستن و گوتی «لە پێکهاتەکەماندا نزیکەی 10 یاریزان خەڵکی کەرکووکن، کە 7 لەو یاریزانانە کوردن». هەورەها گوتیشی «بۆ بەهێزترکردنی پێکهاتەکەشمان گرێبەستمان لەگەڵ ژمارەیەک یاریزانی بەتوانای یانەکانی دیکەی عێراق کردووە، وەک عەمار فەوزی گۆڵپارێز لە یانەی سناعات کارەبایی، ئەحمەد قەدوری پیشەگەری سووری و یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر، نور مەستەفا و حەیدەر سەعدون لە یانەی کارەبا، حەیدەر عەلی لە یانەی زەورا، محەممەد هادی لە یانەی کارەبا، حوسام جائەللا لە یانەی سلێخ و سالار عەبدولجبار لە یانەی کوفە، رامیار ئەحمەد و ئیدریس هونەریش لە یانەی کەرکووک».

یاریدەدەری راهێنەری یانەی گازی باکوور، ئەوەشی بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد کە گرێبەست لەگەڵ 2 یاریزانی پیشگەری ئەفریقی دەکەن، بەڵام وەک خۆی گوتی «هێشتا پەیوەندییان بە مەشقەکانی یانەکەمانەوە نەکردووە». دارا دووپاتیکردەوە کە ئەمساڵ ئەوان دەیانەوێ تیپێکی بەهێز و ژمارەیەکی بەهێز بن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و گوتی «گازی باکوور تیپێکی ئاسان نابێ».



قەدەخەیە

کیڤن دی برۆینی ئەستێرەی بەلجیکی یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی، نهێنییەکی سەیر لەسەر ڕاهێنەرەکەی، پیپ گواردیۆلای ئیسپانی ئاشکرا دەکات، کە تایبەتە بە مەشقەکانی یانەکەیان. دی برۆین لەو بارەوە دەڵێت «گواردیۆلا لە مەشقەکاندا ڕێگە نادات هیچ یاریزانێک بە شێوازی هونەری یاخود بە پاژنەی پێی پاس بدات، ئەو دەیەوێ بەشێوەیەکی ئاسایی پاس بدەین، بۆ ئەوەی کەمترینیان لەدەستبدەین».



بەنیازە لە کلاسیکۆدا دوا بزمار لە تابووتی بدات..

# پیکێ دەیەوێ زیدان بەدەرکردن بدات



**ڕووداوی وەرزشی ـ Gulf News**

جیرارد پیکێ، بەرگریکاری ئیسپانی و یاریزانی یانەی بارسێلۆنای کەتالۆنی، ئامانجی لەکارلادانی ڕاهێنەری فەرەنسی زەینەدین زیدانی بەڕێوەبەری هونەری ریال مەدریدە لە پۆستەکەی لە ماوەی داهاتوودا. سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی کەتالۆنی، دەڵێت «پیکێ دەیەوێ بە بردنەوەی کلاسیکۆ زیدان ڕەوانەی ماڵەوە بکات».

بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی کەتالۆنی، پیکێ لە ژووری جلگۆڕینی بارسێلۆنا لەگەڵ هاوتیپەکانی لەبارەی ریال مەدریدی ڕکابەریان قسەی کردووە، دوای کێشەکانی مێرینگی بە کەوتنی لە 2 یاری بەدوای یەکەوە، لەدژی خیرۆنا و تۆتێنهام لە لیگا و چامپیۆنزلیگدا. پیکێ دەیەوێ دوایین بزمار لە تابوتی زیدان بدات، لە میانی بردنەوە لە یاری کلاسیکۆی داهاتوو لە ڕێکەوتی 3ی کانوونی یەکەمی داهاتوو لە لیگا، لەگەڵ تینوویەتی پیکێ و هاوتیپەکانی بۆ تۆڵەسەندنەوە، لە دۆڕان لە سوپەری ئیسپانیا بەرامبەر ریال مەدرید، لە سەرەتای دەستپێکی وەرزی تازەدا.

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، پیکێ بە هاوتیپەکانی ڕاگەیاندووە «بارسا دەتوانێت سەرلەنوێ لە برنابیو لە ریال مەدرید بباتەوە، ئەو کارەش زیدان ناچار دەکات جانتاکانی تێکبنێ و لەسەر کورسی ڕاهێنەرایەتی یانەی شاهانە بڕوات».

ئامارەکان لە بەرژەوەندی بیرۆکەکەی پیکێن، چونکە بارسا لە دوایین 9 سەردانیدا بۆ برنابیو، 6 جار لە ریال مەدریدی بردووەتەوە.



ریال مەدرید هەمیشە ئامانجەکانی نوێ دەبنەوە..

# «قەیران.. کامە قەیران؟»

**ئا: ئیحسان تاهیر**

«قەیران؟ کام قەیران؟»، ئەمە ناونیشانی ئەلبوومی تیپێکی ڕۆکی بەریتانی بوو، کە ساڵی 1975 دەرچوو، هاوکاتبوو لەگەڵ قەیرانێکی دارایی و ئابووری گەورە، کە ئەوکات بەهۆی کێشەی نەوت ئەورووپای گرتبووەوە. لەسەر بەرگی ئەلبوومەکە کورە گەنجێک بە جلی مەلەوانی دەردەکەوێت، کە چاویلکەیەکی لەچاو کردووە، لە ژێر سەیوانێک دانیشتووەو مەی و خواردنەوەی داناوە، ئەم گەنجە وا دەردەکەوێت کە هیچ باکی بەو دووکەڵە ڕەشە نییە کە لە پشتییەوە دیارەو بەتەواوی ئاسمانی تەنیوە، ئەو گەنجە هیچ باکی بەو زریان و دووکەڵە ڕەشە نییە کە خەریکە هەموو ئەورووپا دەخنکێنێت».

تۆماس ڕۆنسێرۆ، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاگەیاندنکارانی ئیسپانیا و مەدرید، کە هاندەرێکی سەرسەختی ریال مەدریدە، ئەم پێشەکییەی لە وتارێکی خۆیدا نووسیوەو دەڵێت «ریال مەدریدی ئێستا وەک ئەو گەنجە دێتە بەرچاوم، بەتایبەتیش لە هەردوو یاری خیرۆنا و تۆتێنهامدا، کە ئاستێکی شەرمەزارانەی پێشکەش کرد». ڕۆنسێرۆ دەشڵێت «بەداخەوە هەندێک پێیانوایە بە سەیرکردنی ئاوێنەو ژیان لەگەڵ یادگارییە کۆنەکان دەتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین. بەڵام ئەوە خەیاڵێکی خاوە، ڕاستە ئێمە لە 4 ساڵدا 3 نازناوی چامپیۆنزلیگمان بردووەتەوە، بەڵام ریال مەدرید لەسەر ئێستا دەژیت نەک ڕابردوو، ئەوەی وایکردووە ریال مەدرید ئەوەندە گەورە بێت ئەوەیە کە هەمیشە ئامانجەکانی نوێ دەبنەوە، پێویستە لەدوای هەر دەستکەوتێک پاترییەکانی بارگاوی بکاتەوەو سەر لەنوێ دەستپێبکاتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە بە گەورەیی بمێنێتەوە، ئەمە فەلسەفەی ریال مەدریدە».

ڕۆنسێرۆ، لە وتارەکەیدا هێرش دەکاتە سەر تۆنی کرۆس و کەریم بنزیمەو دەڵێت «ئەگەر کرۆس سەیری ئاستی خۆی بکات لە یاری تۆتێنهامدا، دڵنیام قسەکانی من بە ڕاست دەزانێت، بنزیمەش یەکەم هێرشبەری ژمارە 9 یە لە مێژووی ریال مەدرید کە پێویستی بە گۆڵ تۆمارکردن نییە بۆ ئەوەی بەشێوەی سەرەکی یاری بۆ ریال مەدرید بکات».

## • لەبەرچی ریال مەدرید بە خراپترین ماوەیدا تێدەپەڕێ؟

ڕۆژنامەی ABCی ئیسپانی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا باسی هۆکارەکانی پاشەکشەکردنی ئاست و ئەنجامەکانی ریال مەدریدی لە ماوەی دوایی کردووە، هەرچەندە لە مانگی ئابی ڕابردوودا، نازناوی سوپەری ئەورووپی و سوپەری ئیسپانیای بەدەستهێنا.

ڕۆژنامەکە دەڵێت «سەرەڕای بردنەوەی دوایین یاری خۆی لە لاس پالماس بە 3 گۆڵی خاوێن، ئەنجامەکانی دوایی تیپەکە چەندین پرسیاری لە هزری شەیدایانی وروووژاندووە، تیپەکە لەو ماوە کورتەدا چی بەسەر هاتووە؟. ژمارەیەکی زۆری هاندەران پێیانوایە، کاتی ئەوە هاتووە ئەستێرەکانی تیپەکە، هەست بە مەترسی بارودۆخەکە بکەن». ڕۆژنامەکە ڕوونیکردووەتەوە، ئەو تیپەی نەدەدۆڕاو زۆربەی چاودێران پێشبینیان دەکرد، کاروانی گۆڵڕێژی تیپەکە بەردەوام بێت، کە لە وەرزی ڕابردوو ڕەنگی دابووەوە، کەچی ئەمڕۆ بە دەست چەندین شتی نەرێنییەوە دەناڵێنێ، کە لە دوای دۆڕانی لەسەر یاریگەی خۆی بەرامبەر ئاتلێتیکۆ مەدرید لە مانگی شوباتی ساڵی 2016 بەخۆوەی نەدیووە. باسی ئەوەش دەکات، ئەستێرەکانی تیپەکە بەدەست لاوازی توانای جەستەییەوە دەناڵێنن، هاوشێوەی کرۆس، بنزیمە، مۆدریچ، کریستیانۆ و مارسیلۆ. لە ڕاستیدا، هەموو ئەو یاریزانانە بە ئاستێکی جەستەیی زۆر نزم دەرکەوتوون، لە مانگی ئەیلوولدا مارسیلۆ تووشی پێکان بوو و بەیەکجاریی چاک نەبووەتەوە، بێجگە لەوەی هێشتا ئاستی جارانی خۆی بەدەست نەهێناوەتەوە. هەروەها بنزیمەش لە پێکان گەڕاوەتەوە، ئەوەش وایکردووە بەشداریکردنی لە یارییەکان لەسەرخۆ و ناکارا بێت.

## • لە 83 ڕۆژدا 8 پێکان

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، 8 لە باشترین یاریزانانی تیپەکە، لە ماوەی 83 ڕۆژدا تووشی پێکان بوون. لە کاتی دابڕانی ئەوانەشدا ڕاهێنەر لەسەر کورسی یەدەگەکاندا جێگرەوەی وای نەدۆزیوەتەوە، کە بتوانن شتی زیاتر پێشکەش بکەن و قەرەبووی یاریزانە پێکراوەکان بکەنەوە. لە ئاکامی ئەمەشدا، ڕاهێنەر نەیتوانیوە بەنۆرە یاری بە یاریزانەکان بکات، بۆیە تووشی ڕەخنەی توند بووەوە، بەهۆی شکستهێنانی لە دەستنیشانکردنی یاریزانانی سەرەکی و پەیڕەوکردنی پلانێکی یاریکردنی سەرکەوتوو.

ڕۆژنامەکە دەشڵێت «نەبوونی چاودانەسەر لە بەرگریکردن، وایکردووە تیپەکە 8 خاڵ لە لیگا لەدەست بدات». نەبوونی ئاگایی و فشاری ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو یاریزانەی تۆپی لایە، لە یارییەکانی تیپەکە بەرامبەر خیرۆنا، ڤالێنسیا، بیتس و سیڤیا دووبارەبووەوە. ئەو هەڵانەش وایکردووە، تیپەکە 9 گۆڵی لە 11 یاری لێ ببێت، واتە بە ڕێژەی نزیکەی گۆڵێک بۆ هەر یارییەک، ئەوەش بۆ تیپێکی وەک ریال مەدرید ئاستێکی شەرمەزارنەیە.

## • ناکارایی هێڵی هێرشبردن

ڕۆژنامەی ABCی ئیسپانی، ڕوونیشیکردووەتەوە، تیپەکە بەدەست ناکارایی هێڵی هێرشبردن دەناڵێنێ، ڕێژەی گۆڵەکانی لەچاو وەرزی ڕابردوو 9 گۆڵ کەمترە. بۆ بەبیرهێنانەوە ریال مەدرید لە 10 گەڕی یەکەمی لیگای وەرزی ڕابردوو 28 گۆڵی تۆمارکردبوو، کەچی ئەم وەرزە لە 10 گەڕی یەکەمدا 19 گۆڵی تۆمارکرد، ئەوەش وایکردووە 8 خاڵ لەدەستبدات. ئاماژە بەوەش دەکات، نەبوونی دیقەت لە شووتەکانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەرەو گۆڵ، ڕەنگدانەوەی پاشەکشەکردنی ئاستی تیپەکەیە، وا دیارە دۆن بە ماوەیەکی ئەستەم تێپەڕ دەبێ، ئەو تەنیا 1 گۆڵی لە 7 یاری لیگادا تۆمارکردووە، زێدەباری ئەوەی ناتوانێ کۆنترۆڵی تووڕەیی و کاردانەوەکانی خۆی بکات.

ڕۆژنامەکە دەشڵێت «نەبوونی شوێنگرەوەیەک بۆ ئەلڤارۆ مۆراتا، بە نەرێنی بەسەر ئاستی تیپەکەدا شکاوەتەوە. مۆراتا لە تیپەکە ڕۆی، چونکە ڕازی نەبوو ببێتە قەرەبووکەرەوەی بنزیمە، بەمەش زیدان یاریزانێکی لەدەستدا، کە هەر جارێک یاری کردبا جیاوازی دروست دەکرد. لە ڕاستیدا ئاستی مۆراتا زۆر لە ئاستی یاریزانە سەرەکییەکانی تیپەکە باشتر بوو، لە وەرزی ڕابردوودا 20 گۆڵی تۆمارکرد، بە دڵنیاییشەوە یاریزانی وەک ئەو لەسەر کورسی یەدەگەکاندا نییە.

ڕۆژنامەی ناوبراو باسی ئەوەش دەکات، نەبوونی گۆڵی یەکلاییکەرەوە لە دوایین ساتی یارییەکان، کە وەرزی ڕابردوو تیپەکە لە چەندین هەڵوێستی ئەستەم ڕزگارکرد، وەک لێدانەکانی سەری ڕامۆس، ڤاران و کاسیمیرۆ، بە کێشەیەکی دیکەی تیپەکە دادەنرێ.

## • چامپیۆنزلیگ و ستەمی ناوبژیوانان

یاریزانەکان لە یارییەکانی چامپیۆنزلیگ بە پەرۆشتر دەبن، بەڵگەش لەسەر ئەوە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە، کە 6 گۆڵی لە 4 یاری تۆمارکردووە. بۆیە بە ڕوونی دەردەکەوێ، یارییەکانی خولی ئەورووپا، دەرفەتی دەرکەوتنی زیاتر بە یاریزانەکان دەبەخشێ، لەوانەیە بۆ ئەوە بێت بیانەوێ ناوی خۆیان لە مێژوودا تۆمار بکەن، تاوەکو 3 جار بەسەر یەکەوە نازناوەکە بەدەستبێنن.

ڕۆژنامەکە پێشی وایە، ستەمکردنی ناوبژیوانان کە لە چەندین یاری لە تیپەکە کراوە، وەک ئەژمارنەکردنی چەند لێدانێکی سزا، لەگەڵ بێبەشبوونی لە ئەستێرەی یەکەمی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە 5 یاری، کاریگەری نەرێنی بەسەر ئاستی ئەو یاریزانە و هەموو تیپەکەوە هەبوو.

## • کێشەکانی ژووری جلگۆڕین

سەرباری هەموو ئەم کێشانە، بوونی کێشە و ناکۆکی لە ژووری جلگۆڕینی یانەکە، وەک ئەوەی هەندێ لە سەرچاوە ڕۆژنامەڤانییەکان باسی دەکەن، گەورەترین کێشەیە کە هەڕەشە لە سەقامگیری یانەکە دەکات.

بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەڤانییەکان، بە چەند شێوەیەک کێشە لە ژووری جلگۆڕیندا هەیە، وەک ئەوەی یاریزانە گەنجەکان بە سەرۆکایەتی ئیسکۆ و ئەسینسیۆ بەرەیەکیان لەدژی ڕۆناڵدۆ و بنزیمە پێکهێناوە. لە لایەکی دیکەشەوە کێشە لەنێوان سەرۆکی یانەکە و زیدانی ڕاهێنەردا هەیە.

ڕادیۆی کادینا سێری ئیسپانی، ئاشکرایکرد فلۆرەنتینۆ پێرێز سوورە لەسەر ئەوەی مارتین ئۆدیگاردی یاریزانی لاوی دانیمارکی بگەڕێنێتەوە ریزەکانی تیپی یەکەم، بەڵام زەینەدین زیدان بە هەموو شێوەیەک ئەو داوایەی سەرۆک ڕەتدەکاتەوە.

## • کەس ناتوانێ توخنی بنزیمە بکەوێ

ڕۆژنامەی دیاریۆ گۆڵ هەندێ مشتومڕی ئاشکرا کردووە، کە لە ژووری جلگۆڕینی ریال مەدرید، پێش یارییەکەی تۆتێنهام ڕوویداوە، دوای ڕاگەیاندنی پێکهاتەی سەرەکی تیپەکە، لەبەر بوونی هێرشبەری فەرەنسی کەریم بنزیمە. ڕۆژنامەکە ئاشکرایکردووە، هەندێ یاریزان ڕوویان لە زیدان کردووەو داوایان لێیکردووە، بنزیمە لە پێکهاتەی سەرەکی دەربێنێ و مارکۆ ئەسینسیۆ بخاتە شوێنی. بەڵام 2 یاریزان گرنگی بوونی بنزیمەیان لە پێکهاتەی سەرەکی بە ڕاهێنەر ڕاگەیاندووە، ئەوانیش ڕۆناڵدۆ و مارسیلۆ بوون، ئەوانەی پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ بنزیمەدا هەیە، کە بێگومان پشتگیری ڕۆناڵدۆ بۆ بنزیمە زۆر گرنگەو بەهۆیەوە کەس ناتوانێ توخنی بکەوێ.

بەشێوەیەکی گشتی هەندێ یاریزان هەن داوای بەخشینی دەرفەت بە یاریزانە لاوەکان لەجیاتی بنزیمە دەکەن، کە یەکێک لە خراپترین وەرزەکانی پێشکەش دەکات، لە سەرووی هەمووشیانەوە لوکا مۆدریچ و لوکاس ڤاسکیزن.

## • ئەسینسیۆ هەڕەشە دەکات

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی ئیسپانی باس لەوە دەکەن، مارکۆ ئەسینسیۆ هەڕەشەی ڕۆیشتن لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەکات، لەبەرئەوەی ئێستا هەست بە ئاسوودەیی ناکات لە یانەی شاهانەدا.

بەپێی ئەو سەرچاوانە ئەسینسیۆ پێیوایە دەبێت بژاردەی یەکەمی ڕاهێنەرەکەی بێت، لەجیاتی کەریم بنزیمە لە پێکهاتەی سەرەکیدا.

ئەسینسیۆ لە هزری مانچێستەر سیتی، مانچێستەر یونایتد و پاریس سانجێرماندایە، کە دەیانەوێ لە ماوەی داهاتوودا واژووی ئەو یاریزانە بەدەستبێنن. مارکۆی تەمەن 21 ساڵان هۆشداریی داوەتە فلۆرەنتینیۆ پێرێز، کە لەسەر شێوازی ئەلڤارۆ مۆراتا لە ریال مەدرید دەڕوات، ئەگەر ڕەوشی لەنێو یانەکە باشتر نەکرێ.

> «ئیسکۆ و ئەسینسیۆ بەرەیەکیان لەدژی ڕۆناڵدۆ و بنزیمە پێکهێناوە»

> «ستەمی ناوبژیوانان هۆکارێکی دیکەی ئەنجامە خراپەکانی ریال مەدریدە»

> «لە 83 ڕۆژدا 8 لە باشترین یاریزانانی ریال مەدرید تووشی پێکان بوون»

> «بنزیمە یەکەم هێرشبەرە لە مێژووی ریال مەدریددا پێویستی بە گۆڵکردن نەبێت بۆ ئەوەی بەشێوەی سەرەکی یاریبکات».





## ستەملێکراوە

لە لێدوانێکدا کە زۆر کەس بە لایانەوە سەیربوو، رۆبێرتۆ مارتینێزی راهێنەری هەڵبژاردەی بەلجیکا رایگەیاند ستەم لە دوو یاریزانی هەڵبژاردەکەی کراوە کە دەستنیشان نەکراون بۆ بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان. مارتینێز لەو بارەوە گوتی «ستەم لە مەروان فیلاینی و تیبۆ کۆراتوای گۆڵپارێزی بەلجیکی کراوە، دەبووایە پاڵێوراو بوونایە بۆ بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان».



### مارادۆنای بەرازیل..

# لە گەراجی ئۆتۆمبێلەوە بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل

**ڕووداوی وەرزشی ـ Samba**

ناوی دییگۆ ئارماندۆیە، بەڵام دییگۆ ئارماندۆ مارادۆنا نییە، بەرازیلییە و ئەرجەنتینی نییە، ئەمە ئەو یاریزانەیە کە کارکەرە لە یەکێک لە گەراجەکانی ئۆتۆمبێل و لە لایەن تیتیی راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیلەوە بانگهێشتی ریزەکانی هەڵبژاردەی سامبا کراوە.

هەڵبژاردەی بەرازیل ئێستا لەنێو کەشوهەوایەکی نایابدا دەژی، لەوەتەی تیتی بووەتە راهێنەری، کە پێشنۆرە بە بەهرە دەدات، نەوەک ئەستێرەیی و ناوی بریقەدار، هەر ئەوەش پاڵی پێوەنا، یاریزانێکی ئارەزوومەند بانگ بکات، کە لە نێو گەراجی ئۆتۆمبێلەکاندا کار دەکات.

پاڵەوانی ئەو چیرۆکە یاریزانێکە بەناوی دییگۆ ئارماندۆ، دەکرێ چیرۆکەکەشی بکرێتە فیلمێکی سینەمایی، ئەو گەنجێکی تازە پێگەیشتووە، دەخوێنێ بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری توانای جەستەیی، بژێوی رۆژانەی لە رێگەی پاراستن و خاوێنکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان بەدەستدێنێ، کە لەبەردەم کەناری دەریاکان ریز دەبن. تیتی هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کرد، کاتێک بانگی دییگۆی کرد، بۆ ئەوەی بچێتە نێو مەشقەکانی سیلیساو، پێش رووبەڕووبوونەوەی کۆلۆمبیا، لە پاڵاوتنەکانی مۆندیال، لە شوێنی یاریزانێکی پێکراو، بۆ ئەوەی رۆڵی لە گۆڕینی ژیانی هەبێ، نەخاسمە یارییەکە بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل هیچ گرنگی نەبوو، چونکە لەمێژ بوو بۆ مۆندیالی رووسیا سەرکەوتووە.

لە شەو و رۆژێکدا دییگۆ خۆی لە نێو ژووری جلگۆڕینێک بینییەوە، کە نەیمار، مارسیلۆ، کۆتینیۆ، کاسیمیرۆ، تیاگۆ سیلڤا و چەندین ئەستێرەی دیکە لەخۆ دەگرێ، بەشداریی لە مەشقەکانی سیلیساو کرد، کە 36 هەزار هاندەر سەیریان کرد. دییگۆ لەم بارەوە گوتی «ئەو خەونە بووە راستی. ئەو ئەزموونە دەگمەنە بە پارە ناکڕدرێ و دیارییەکی هەڵاوێرە لە ژیانمدا. قسەم لەگەڵ هەموو یاریزانەکان کرد و هەموو بەشێوەیەکی نایاب مامەڵەیان لەگەڵدا کردم».

هەروەها گوتیشی «زۆر خەونم بەو دەرفەتەوە دەبینی، کە لە کاتێکی نموونەییدا هات، بۆ ئەوەی ورەم بەرز بکاتەوە، چونکە باوکم لەو کاتەدا زۆر نەخۆشە».

### زۆربەمان پێمانوایە وازیان لە یاریکردن هێناوە..

# ئەستێرە پیرەکان بەردەوامن لە یاریکردن

«زی رۆبێرتۆ و ڤیرۆن لە تەمەنی سەروو 40 ساڵیدا بەردەوامن لە یاریکردن»



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

چەندین ئەستێرەی تۆپی پێ، هەواڵیان لەسەر گۆڕەپانی وەرزشی دەبڕێ، بە دوورکەوتنەوەیان لە تیپەکانی پێشەوەو هەڵکشانی تەمەنیان. لەو راپۆرتەدا ناوی هەندێک لەو ئەستێرانە دێنین، کە هێشتا لەسەر یاریکردنی تۆپی پێ بەردەوامن، کەچی زۆر لە هەواداران وادەزانن وازیان لە یاریکردن هێناوە، یان نازانن بۆ چ یانەیەک یاری دەکەن.

**زی رۆبێرتۆ:** ئەستێرەی بەرازیلی و یاریزانی پێشووی بایرن میونشن، هێشتا لەسەر یاریگەکان رادەکات، هەرچەندە تەمەنیشی گەیشتووەتە 42 ساڵان، زی رۆبێرتۆ ئێستا یاری بۆ یانەی پالمێراسی بەرازیلی دەکات.

فلۆران مالودا: یاریزانی فەرەنسی و ئەستێرەی پێشووی لیۆن و چێلسی، یاری بۆ یانەی نیودلهی هیندی دەکات و تەمەنیشی 36 ساڵانە.

**جۆ کۆل:** یاریزانی ئینگلیزی پێشووی چێلسی و هەڵبژادەی ئینگلتەرا، ئێستا یاری بۆ یانەی رۆیدیسی ئەمریکی دەکات و تەمەنیشی 35 ساڵانە.

**دییگۆ فۆرلان:** ئەستێرە و کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای، ئێستا یاری بۆ یانەی مۆمبای هیندی دەکات و تەمەنیشی 37 ساڵانە.

**خوان سباستیان ڤیرۆن:** ئەستێرەی ئەرجەنتینی، هەرچەندە تەمەنی گەیشتووەتە 41 ساڵان، سەرۆکی یانەی ئیستۆدیانتسیشە، کەچی بەمدواییە گرێبەستێکی لەگەڵ خۆی واژووکردووە، تاوەکو بۆ تیپی یەکەم یاری بکات، بەمەش دەبێتە سەرۆک و یاریزان لە هەمانکاتدا.

**ریکاردۆ ئۆلیڤێرا:** یاریزانی بەرازیلی تەمەن 36 ساڵان، ئێستا لەگەڵ یانەی سانتۆسی بەرازیلی یاری دەکات.

**دێریک کۆیت:** یاریزانی هۆڵەندی و ئەستێرەی پێشووی لیڤەرپوول، ئێستا لە ریزەکانی فینۆ ر د ی هۆ لە نـ د ی یا ری دەکات و تەمەنیشی 36 ساڵانە.

**کلاودیۆ پیزارۆ:** هەرچەندە تەمەنی هێرشبەری پیرۆیی گەیشتووەتە 38 ساڵان، کەچی هێشتا لەریزەکانی ڤێردەربریمنی ئەڵمانی یاری دەکات.

**رایان بابل:** یاریزانی هۆڵەندی پێشووی لیڤەرپوول، بەمدواییە چووە ریزەکانی بێشکتاشی تورکی.

**رافائیل ڤاندێر ڤارت:** ئەستێرەی هۆڵەندی و یاریزانی پێشووی ریال مەدرید و تۆتێنهام، ئێستا لەگەڵ یانەی میتدلاند لە خولی دانیمارک یاری دەکات.

**رۆکی سانتا کرۆز:** هێرشبەری پاراگوایی، ئێستا لەگەڵ یانەی ئۆلیمپیا لە خولی پاراگوای یاری دەکات.

**ماکسی رۆدریگز:** یاریزانی ئەرجەنتینی تەمەن 36 ساڵان، ئێستا لە ریزەکانی یانەی ئۆلدبۆیزی ئەرجەنتینی یاری دەکات.

**کازیۆشی میۆرا:** یاریزانی ژاپۆنی، هەرچەندە تەمەنی گەیشتووەتە 50 ساڵان، کەچی بەمدواییە گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی یۆکۆهاما واژووکردو بەردەوامە لە یاریکردن.



### شوێنی یاریکردنی باشترین راهێنەرەکانی جیهان..

# ئەنچیلۆتی ناوەڕاستکار و فێرگسۆنیش هێرشبەر بوو

«یۆرگن کلۆپ دووەم گۆڵکاری مێژوویی یانەی ماینزە»

**ئا: رەمزی میرەکانی**

زۆربەی راهێنەرەکانی تۆپی پێی جیهان، پێش ئەوەی ببنە راهێنەر یاریزان بوونە، هەندێکیان یاریزانی بەناوبانگ و هەندێکیشیان نەناسراو. لەم راپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر شوێنی یاریکردنی باشترین راهێنەرەکانی جیهان، ئەوکاتەی یاریزان بوونە.

- **ئەلیکس فێرگسۆن:** راهێنەری پێشووی مانچێستەر یونایتد، هێرشبەر بوو.
- **ئارسین ڤینگەر:** راهێنەری ئارسیناڵ، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکرد.
- **خۆزێ مۆرینیۆ:** راهێنەری ئێستای مانچێستەر یونایتد، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکرد.
- **ئەنتۆنیۆ کۆنتی:** راهێنەری چێلسی، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکرد.
- **یۆرگن کلۆپ:** راهێنەری لیڤەرپوول، وەک بەرگریکار و هێرشبەر یاری دەکرد، لە بنەڕەتدا هێرشبەر بوو، چونکە دووەم گۆڵکاری مێژوویی یانەی ماینزە.
- **گواردیۆلا:** راهێنەری مانچێستەر سیتی، وەک ناوەڕاستی بەرگریکار یاری دەکرد.
- **فرانک ریکارد:** راهێنەری پێشووی بارسیلۆنا، وەک بەرگریکار و ناوەڕاستی بەرگریکار یاری دەکرد.
- **دیل بۆسکی:** راهێنەری پێشووی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا، وەک ناوەڕاستی بەرگریکار یاری دەکرد.
- **زەینەدین زیدان:** راهێنەری ریال مەدرید، وەک ناوەڕاستی هێرشبەر یاری دەکرد.
- **لویس ئێنریکی:** راهێنەری پێشووی بارسیلۆنا، لە هێڵی ناوەڕاست و هێرشبردن یاری دەکرد.
- **دییگۆ سیمیۆنی:** راهێنەری ئەتلەتیکۆ مەدرید، وەک ناوەڕاستی بەرگریکار یاری دەکرد.
- **ماکسیمیلیانۆ ئالێگری:** راهێنەری یوڤێنتوس، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکرد.
- **لۆچیانۆ سپالیتی:** راهێنەری ئینتەرمیلان، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکرد.
- **ڤینچێنزۆ مۆنتێلا:** راهێنەری ئەی سی میلان، وەک هێرشبەر یاری دەکرد.
- کارلۆ ئەنچیلۆتی: راهێنەری بایرن میونشن، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکرد.
- **یۆب هاینکس:** راهێنەری پێشووی بایرن میونشن، وەک هێرشبەر یاری دەکرد.
- **دینۆ زۆف:** راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، وەک گۆڵپارێز یاری دەکرد.
- **تۆماس توخێل:** راهێنەری پێشووی بۆرووسیا دورتمۆند، لە هێڵی بەرگری یاری دەکرد.
- **لۆران بلان:** راهێنەری پێشووی پاریس سانجێرمان، لە هێڵی بەرگری یاری دەکرد.
- **ئۆنای ئێمری:** راهێنەری پاریس سانجێرمان، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکرد.

### ناتوانێ لە قسەی ژنەکەی دەربچێت..

# «کاسانۆ وازی نەهێناوە»



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

هاوژینی ئەنتۆنیۆ کاسانۆ، ئەستێرەی ئیتاڵی کە چەندین سەرچاوەی میدیای ئیتاڵی، باس لە وازهێنانی یەکجاری دەکەن، ڕووداوی لە ئیتاڵیا دروستکرد، دوای ئەو تویتەی لە ئەژماری خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردەوە، کە لە میانییەوە رەتیکردەوە هاوژینەکەی وازی هێنابێ.

هاوژینی کاسانۆ، لە تویتەکەیدا نووسیویەتی «یەکێکیان بەیانی لەخەو هەڵسا، تاوەکو هەواڵێک لە ئەندێشەی خۆی بێنێ و بڵاوی بکاتەوە، ئەنتۆنیۆ هیچ لێدوانێکی نەداوەو هەرگیز نەیگوتووە، ئەو وازی لە یاریکردنی تۆپی پێ هێناوە».

بۆ زانین کاسانۆ چەند مانگێک پێش ئێستا، وازهێنانی خۆی بەرامبەر هەمووان راگەیاند، دوای ئەوەی نەیتوانی تیپێک بدۆزێتەوە ببیاتە ریزەکانی، ئەوە لە لایەک، هەروەها ئەنجام نەدانی هیچ ئامادەکارییەک لەلایەکی دیکەوە، وایکردووە کێشی زیاد بکات و بەپێش هەموو پێشبینییەکان بکەوێ.

## هیچی بەدەست نییە

لەبەر ئەوەی هاوژینەکەی کاسانۆ، بەردەوام هەوڵ دەدات لەپێش هەمووان دەربیخات، کۆنترۆڵی کاروانی مێردەکەی کردووەو رۆڵی لە زۆربەی ئەو بڕیارانە هەبووە، کە لە دەرەوەی و ناوەوەی یاریگە داویەتی، بەمەش بووەتە بابەتێکی چەور، بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی ئیتاڵیا، کە تیشکی زۆری دەخاتە سەر.

بۆ بەبیرهێنانەوە، هەر ئەوبوو هاوینی رابردوو وازهێنانی مێردەکەی لە تۆپی پێ لەسەر تویتەر راگەیاند، بەر لەوەی نکۆڵی لێ بکات، ئەمجارەش هەمان سیناریۆ بەشێوەیەکی جیاوازتر دووبارە بووەوە، دوای ئەوەی نکۆڵی لە هەواڵەکانی وازهێنانی کاسانۆ کرد، کە پێی باشە رۆڵی بینەری رووداوەکان وەربگرێ.

## لە یاریگەوە بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی..

# رۆماریۆ یان بیبیتۆ دەبێتە سەرۆکی بەرازیل

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

رۆماریۆ، گۆڵکاری پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل رایگەیاند، خۆی بۆ چوونە نێو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی داهاتوو ئامادە دەکات، کە ساڵی داهاتوو لە بەرازیل بەڕێوە دەچێ و گوتی "من و بیبیتۆ پێکەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی یەکێکمان ببێتە سەرۆکی بەرازیل".

هەرچەندە رۆماریۆ نیازی لە پاڵاوتنی خۆی دەرنەبڕیوە، کەچی جەختی لەسەر چوونە نێو پێشبڕکێیەکە، بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوتیپی پێشووی لە هەڵبژاردەی بەرازیل، بیبیتۆ کردەوە، کە ئەویش ماوەی چەند ساڵێکە خۆی خزاندووەتە نێو ژیانی سیاسی لە وڵاتەکەیدا.

رۆماریۆ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وێنەیەکی خۆی و بیبیتۆی لە کاتی خواردنی ژەمی ئێوارە بڵاوکردەوە، لە میانییەوە دووپاتیکردەوە، لەسەر ئەوە رێکەوتوون هاوپەیمانیەتییەک دروست بکەن و بەیەکەوە بەشداری لە پێشبڕکێی سەرۆکایەتی داهاتووی بەرازیل بکەن، بەهیوای ئەوەی یەکێکیان کورسییەکە بەدەستبێنێ.

ئەم دووانەیە، پێشتر کورسی دەستی یاسادانانیان لە بەرازیل بەدەستهێناوەو بەسەر چەندین چالاکی سیاسی کەوتوون.

### دەیانەوێ دەستکەوتەکانی نێو یاریگە دووبارە بکەنەوە

هەرچەندە لە ساڵانی رابردوودا، چالاکی سیاسی زۆری هەبووە، کەچی رۆماریۆ نایەوێ جلی تۆپی پێ لە خۆی داماڵێ، کە بە ئەوینی یەکەمی دادەنرێ، لە کاتی بڵاوکردنەوەی وێنە ژەمە خواردنەکە لەگەڵ هاورێ و هاوتیپی بیبیتۆ، ئەو گۆڵکارە مێژووییەی بەرازیل هەوڵیدا، هەستی نەوەکانی گەلەکەی بجوولێنێ، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ دەستکەوتەکانیان لەسەر یاریگەکانەوە، بەتایبەتی لە مۆندیالی ئەمریکا 1994، کاتێک گوتی "کێ ئەو دووانەیەی لەبیر ماوە؟ بە کردەوە وتووێژ لە نێوانمان دەستپێکردووە، دەتوانین شتێکی جوان لە سیاسەتدا بکەین، دوای ئەو هەموو ئەو شتانەی لە تۆپی پێ کردمان".

بە روونی دیارە، رۆماریۆ و بیبیتۆ زۆر گرەو لەسەر رابردوویان لە بواری تۆپی پێ و ئەو جەماوەرەی بەیەکەوە لەنێو گەلی بەرازیل هەیانە دەکەن، بە هیوای ئەوەی یەکێکیان پۆستی سەرۆکی وڵات بباتەوە، کە هەمیشە بانگەواز بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و گەندەڵکاران لە بەرازیل دەکەن. هەروەک پێشتر بیبیتۆ لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ بەرنامەی وەرزینی تەلەڤزیۆنی (رووداو)دا گوتبووی "نابمە راهێنەر، دەمەوێ لە بواری سیاسەتدا کار بکەم، چونکە وڵاتەکەمان ئێستا پێویستی بە راهێنەر نییە ئەوەندەی پێویستی بەو کەسانەیە کە لەدژی گەندەڵی تێدەکۆشن".

زۆر لە وەرزشکاران، بەتایبەتیش ئەستێرەکانی تۆپی پێ ناوبانگێکی زۆر بەدەستدێنن، بۆیە هەر کاتێ بیانەوێ بچنە نێو بواری سیاسیش خەڵک و هەوادارێکی زۆر لە دەوری خۆیان دەبیننەوە، وەک ئەوەی بەر لە ماوەیەک جۆرج ویای یاریزانی بەناوبانگی لیبیری توانی ببێتە سەرۆکی وڵاتەکەی.

> **بیبیتۆ بۆ رووداو:**
> نابمە راهێنەر، چونکە ئێستا بەرازیل زیاتر بۆ ئەوە پێویستی بە منە لەدژی گەندەڵکاران تێبکۆشم



## یاری دۆستانە

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 8/11/2017** | |
| کۆنگۆ ـ بنین | 05:30 |
| ئاسیلاندا ـ چیک | 05:45 |
| **پێنجشەممە 9/11/2017** | |
| کەمبۆدیا ـ میانمار | 02:00 |
| سەنگافۆرە ـ لوبنان | 02:30 |
| هۆنگ کۆنگ ـ بەحرێن | 04:00 |
| ئەرمینیا ـ بیلاڕووسیا | 05:00 |
| فینلاندا ـ ئیستۆنیا | 08:00 |
| رۆمانیا ـ تورکیا | 09:15 |
| لۆکسمبۆرگ ـ هەنگاریا | 10:00 |
| سکۆتلاندا ـ هۆڵەندا | 10:45 |
| **هەینی 10/11/2017** | |
| کۆریای باشوور ـ کۆلۆمبیا | 02:00 |
| چین ـ سربیا | 02:00 |
| ژاپۆن ـ بەرازیل | 03:00 |
| جۆرجیا ـ قوبرس | 06:00 |
| ئۆکرانیا ـ سلۆڤاکیا | 09:00 |
| پەنەما ـ ئێران | 10:00 |
| پۆلەندا ـ ئۆرۆگوای | 10:45 |
| بەلجیکا ـ مەکسیک | 10:45 |
| پورتوگال ـ سعوودیە | 10:45 |
| فەرەنسا ـ وێڵز | 11:00 |
| ئینگلتەرا ـ ئەڵمانیا | 11:00 |
| **شەممە 11/11/2017** | |
| زمبابوی ـ نامیبیا | 02:00 |
| رووسیا ـ ئەرجەنتین | 04:00 |
| دۆرگەکانی قەمەر ـ مەدغشقەر | 04:00 |
| قەتەر ـ چیک | 07:30 |
| مەگدۆنیا ـ نەرویج | 10:00 |
| ئیسپانیا ـ کۆستاریکا | 11:30 |
| **یەکشەممە 12/11/2017** | |
| بەنین ـ تەنزانیا | 02:00 |
| تۆگۆ ـ مۆریسیش | 02:00 |
| ماڵتا ـ ئیستۆنیا | 05:00 |
| **دووشەممە 13/11/2017** | |
| ئەرمینیا ـ قوبرس | 05:00 |
| جۆرجیا ـ بیلاڕووسیا | 05:00 |
| عێراق ـ سووریا | 07:00 |
| تورکیا ـ ئەڵبانیا | 08:30 |
| کۆسۆڤۆ ـ لاتڤیا | 09:30 |
| بولگاریا ـ سعوودیە | 10:00 |
| ڤێنزویلا ـ ئێران | 10:00 |
| پۆلەندا ـ مەکسیک | 10:45 |
| **دووشەممە 14/11/2017** | |
| ئەرجەنتین ـ نایجیریا | 01:00 |
| کۆریای باشوور ـ سربیا | 02:00 |
| ئیمارات ـ ئۆزباگستان | 02:00 |
| بۆتسوانا ـ غانا | 02:00 |
| چین ـ کۆلۆمبیا | 02:35 |
| قەتەر ـ ئایسلاندا | 07:30 |
| سلۆڤاکیا ـ نەرویج | 08:00 |
| رووسیا ـ ئیسپانیا | 09:45 |
| رۆمانیا ـ هۆڵەندا | 10:00 |
| هەنگاریا ـ کۆستاریکا | 10:15 |
| جەزائیر ـ ئەفریقای ناوەڕاست | 10:30 |
| نەمسا ـ ئۆرۆگوای | 10:45 |
| ئەڵمانیا ـ فەرەنسا | 10:45 |
| بەلجیکا ـ ژاپۆن | 10:45 |
| وێڵز ـ پەنەما | 10:45 |
| پورتوگال ـ ئەمریکا | 10:45 |
| ئینگلتەرا ـ بەرازیل | 11:00 |

## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (پاشکۆ)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 9/11/2017** | |
| ئێرلەندای باکوور ـ سویسرا | 10:45 |
| کرواتیا ـ یۆنان | 10:45 |
| **هەینی 10/11/2017** | |
| سوێد ـ ئیتاڵیا | 10:45 |
| **شەممە 11/11/2017** | |
| هندۆراس ـ ئۆستراڵیا | AM 01:00 |
| نیۆزیلەندا ـ پیرۆ | AM 02:01 |
| دانیمارک ـ ئێرلەندا | 10:45 |
| **یەکشەممە 12/11/2017** | |
| سویسرا ـ ئێرلەندای باکوور | 08:00 |
| یۆنان ـ کرواتیا | 10:45 |
| **دووشەممە 13/11/2017** | |
| ئیتاڵیا ـ سوێد | 10:45 |
| **سێشەممە 14/11/2017** | |
| ئێرلەندا ـ دانیمارک | 10:45 |



- ئێرلەندای باکوور – سویسرا | 10:45 | پاشکۆی پاڵاوتن | پێنجشەممە 9/11/2017
- کرواتیا – یۆنان | 10:45 | پاشکۆی پاڵاوتن | پێنجشەممە 9/11/2017
- ژاپۆن – بەرازیل | 03:00 | دۆستانە | هەینی 10/11/2017
- سوێد – ئیتاڵیا | 10:45 | پاشکۆی پاڵاوتن | هەینی 10/11/2017
- ئینگلتەرا – ئەڵمانیا | 11:00 | دۆستانە | هەینی 10/11/2017
- فەرەنسا – وێڵز | 11:00 | دۆستانە | هەینی 10/11/2017
- رووسیا – ئەرجەنتین | 04:00 | دۆستانە | شەممە 11/11/2017
- هندۆراس – ئۆستراڵیا | AM 01:00 | پاشکۆی پاڵاوتن | شەممە 11/11/2017

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (472)
سێشەممە 2017/11/7





## کلکی کەروێشک

جەماوەری مانچێستەر یونایتد، هەڵمەتێکی گاڵتەپێکردنیان لەدژی ئەو قژ برینەی دی خیای گۆڵپارێزی یانەکەیان دەستپێکردووە، کە بەرامبەر تۆتێنهام پێیدەرکەوت. ڕۆژنامەی سەنی ئینگلیزی باس لەوە دەکات، جەماوەری مانچێستەر یونایتد لەسەر ئەو قژبرینە ناشیرینە ئابڕووی دی خیایان بردو لە تویتەر چەندین تویتیان بۆ گاڵتەکردن بە قژەکەی دی خیا بڵاوکردەوە، هەندێکیان بە کلکی کەروێشکیان وەسفکرد، یەکێکی دیکەش گوتی «قژ برینەکەی دی خیا، خراپترین شتە دیتبێتم».



سەفین تەها

## دوو هەفتە بۆ تیمارکردن

ئەوەی چاوەڕێکراوبوو ڕوویدا، ئاشکرابوو کە ڕیال مەدرید وای بەسەردێت، ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێری مێرکاتۆی هاوینە بوون پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە میلان وا بەزوویی هەڵناستێتەوەو هێشتا کاری زۆر ماوە بۆ گەڕانەوەی میلانی زێڕین.

### کەللەڕەقی زیدان

ئاشکرایە یانەیەک کە لە 16 یاریزانی گونجاو پێکهاتبێت بۆ یاریکردن هەر ساڵێک یان زۆر زۆر 2 ساڵ دەتوانن بەرگە بگرن و لە لوتکەدابن، ئەو یاریزانانە ئاسن نین تا بە درێژایی ساڵێک بەبەردەوامی لە 3 پاڵەوانێتیی سەرەکی ڕکابەری بکەن، جا وەرە یەدەگەکانیشیان بەڕێ بکرێن و جێگرەوەیەکی باش نەهێنیتە یانەکە ناچاردەبێت بۆ هەموو یارییە گرنگەکان پشت بە یاریزانە سەرەکییەکان ببەستێت، گوناحی کەس نییە کە ڕیال ئاوای لێبەسەر هاتووە جگە لە زیدان و دروستبوونی کوتلەیەکی ئیسپانی و سەنگەرگرتن لە ڕۆناڵدۆ. چونکە هەموو کەس دەزانێت پێرێزی سەرۆک هیوایەتی ئەوەیە یاریزانی گەورە بە پارەی زۆر بکڕێت و خۆی بێتە سەر شاشەو وەک پاڵەوان دەربکەوێت، بەڵام زیزۆ بەمە ڕازی نەبوو، ڕۆناڵدۆش هەمان بۆچوونی هەبوو لە هەفتەی ڕابردوو !

چارەسەر چییە؟ دوو هەفتە لەبەردەستە، ئەگەر جاران یارییەکانی فیفا بۆ ڕیال مەدرید کێشە بوونایە، ئێستا دەکرێ چارەسەربن، چۆن؟ زۆربەی یاریزانە پێککراوەکان دەگەڕێنەوە، جیا لەوەی کە بەشێکی زۆری ئەو یاریزانانی لە هەڵبژاردەکانیان بانگهێشتنەکراون، ئێستا کاتی دەرکەوتنی زیرەکییەکانی زیدانە لە ساتەوەختە تەنگانەکان و دۆزینەوەی پلان بۆ بەگەڕخستنەوەی ڕۆناڵدۆ، نەهێشتنی دووبەرەکی لەنێوان ئەوانەی دەیانەوێ ناوی دۆن بسڕنەوەو ریفرێشکردنەوەی بێنزیما، لەگەڵ داڕشتنی پلانێکی باش بۆ مێرکاتۆی زستانەو پڕکردنەوەی کەلێنەکان، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ناکرێ و نابێت مۆدریچ ئاوا ئاستی خراپ بێت، کرووس و مارسێلۆ چییان بەسەرهاتووە؟ هەموو ئەمانە لە ماوەی 2 هەفتەدا دەبێت چارەسەر بکرێن ئینجا بەرەو یاریگەی واندا میترۆپۆلیتانۆ بەڕێبکەون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاتلێتیکۆ لە قورسترین یاری ئەم مانگەدا.

### چاوەڕێی چی لە مۆنتێلا دەکەن؟

میلان کە 200 ملیۆنی خەرجکرد، ئیتر کۆتایی دنیا نییە، ئیدی مانای ئەوە نییە کە باشترین تیپ دروست دەبێت، چونکە ئەو 200 ملیۆنە بیرتان بێت لە 11 یاریزاندا خەرجکراوە، لە کاتێکدا یانە هەیە 220 ملیۆنی لە یەک یاریزاندا خەرجکردووە!

سەرەتای وەرز بوو گوتم سەرەتای وەرز بۆ میلان قورس دەبێت، وا دەرچوو، هێشتا ماوەو زیاتریش قەیران قووڵ دەبێتەوە، هەموو ئەمانەش لە چەند کێشەیەکدا گەڵاڵە بوون، کە گرنگترینیان ئەوەیە هێنانی 11 یاریزانی نوێ و هەریەکەو لە جێگایەکەوەو هەبوونی 11 یاریزانی دیکەی ئاسایی و دروستکردنی هاوئاهەنگی و داڕشتنی سیستەمی سەردەمییانەی تۆپی پێ بە ڕاهێنەرێکی بێ ئەزموون ناکرێت، ئەوە پێویستی بە ڕاهێنەرێکی سوپەری وەک ساکی، کۆنتی، ئانچێلۆتی و لیپی هەیە.

نێوانی مۆنتێلا لەگەڵ سەرکردایەتی میلاندا زۆر خۆشە، بۆیە وازوو پێشبینی ناکەم دووربخرێتەوە، بەڵام با کێشەکانی میلانتان بە کورتی پێبڵێم.

یاریکردن بە شێوازی 3 ـ 4 ـ 1 ـ 2 بۆ یانەکەی تازە نۆژەنکراو قورسە، 3 بەرگریکەر کە هەریەکەیان لە یانەیەکی جیاوازەوە هاتووە ئاسایی نییە، سەرەتای پلانەکان بە پێکانێکی 6 مانگەی ئاندریا کۆنتی تەگەرەی تێکەوت، پشتگوێ خستنی ئاندرێ سیلڤا و ناجێگری ئاستی بیلیاو هاکان هۆکاری دیکەن، لە هەموو گرێبەستەکانیش سەرکەوتووتر ئەوەی بۆرینی بوو، باسی خراپی بۆنوچی دەکەن؟ نا زۆر هەڵەن، سەیری بەرگری یوڤێ بکەن لە دوای ڕۆیشتنی بۆنوچی، ئەوە بۆنوچی نییە کە خراپە، بەڵکو بووەتە قوربانی یاریزانەکانی هاوڕێی کە هێشتا بەتەواوی یەکدی ناناسن، لیۆ بووەتە قوربانی پلانەکانی مۆنتێلا، چونکە هەموو ڕاهێنەرێک هی ئەوە نییە بە 3 بەرگریکەر یاریبکات، داهێنەری 3 بەرگریکەری سەردەم لەم سەدەیەدا کۆنتییەو وەک چۆن یوڤێنتوسی فێری ئەوە کردو دواتر بە چێلسی پریمەرلیگی برد، تەنیا ئەو دەتوانێ ئەو سیستەمە لەسەر میلان پەیڕەو بکات. بیریشتان نەچێت بەشێکی گرێبەستەکانی میلان یاریزانی لاون و پێویستە لەسەریان بووەستن، بەڵام ئەمڕۆ بێت یان سبەی دەبێت ڕاهێنەر بگۆڕێت.

## نرخی ئێستای 239.6 ملیۆن یۆرۆیە..

# سانجێرمان نەیماری بە هەرزانی کڕیوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

بەهای یاریزانی بەرازیلی نەیمار دا سیلڤا، لە بازاڕی گواستنەوەدا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، دوای گواستنەوەی لە بارسیلۆنای ئیسپانییەوە بۆ پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، بەرامبەر بە 222 ملیۆن یۆرۆ. بە گوێرەی توێژینەوەیەکی تازەی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی وەرزشی CIES باڵی ئەکادیمی فیفا. بەهای نەیمار بڕی 17.6 ملیۆن یۆرۆ بەرزبووەتەوەو گەیشتووەتە 239.6 ملیۆن یۆرۆ، ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەیی نەبووە لە نرخی یاریزانانی تۆپی پێدا، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، پاریس سانجێرمان بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی کەم گرێبەستی لەگەڵدا کردووە، کە لە بەهای ڕاستەقینەی لە بازاڕدا کەمترە. یاریزانی بەلجیکی ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ، هێرشبەری مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، بەرزترین هەڵکشانی لە بەهای لە بازار، لەنێو هەموو یاریزانانی جیهان بەدەستهێنا، بەهاکەی بە بڕی 55.8 ملیۆن یۆرۆ بەرزبووەوە، لەو کاتەی کیلیان ئێمباپێی فەرەنسی لەدوای ئەو دێت، بە بەهای بەرزبوونەوەیەک کە دەگاتە 50.4 ملیۆن یۆرۆ.

بۆ بەبیرهێنانەوە نەیمار لە بارسیلۆناوە چووە پاریس سانجێرمان، بێئەوەی یانەی پاریسی لەبارەی دەستەوارەکەوە، دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بارسیلۆنا بکات، لەبەرئەوەی بەهای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەی لە ڕێگەی یاریزانەکەوە دا.



## هاوڕێی عیسام حەزەریی کاپتنە..

# جنۆکەکەی زەمالیک لەناوچوو



**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

لە لێدوانێکی تازەدا، ڕاوێژکاری میسڕی بەناوبانگ، مورتەزا مەنسووری سەرۆکی یانەی زەمالیک، بردنەوەی تیپەکەی لە وادی دیجلە بە 3 گۆڵی خاوێن، بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پیاوچاکێک ئەو جنۆکەیەی دەرکردووە کە بە قسەی خۆی لە ژووری جلگۆڕینی تیپەکەیدا بووەو دەشڵێت «پیاوچاکەکە ئەو جادووەشی بەتاڵ کردەوە کە لە تیپەکەی کرابوو».

مورتەزا مەنسوور، لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی شەباب، دووپاتیکردەوە کە ئەو پیاوچاکە یارمەتی داون بۆ ئەوەی لە دەست ئەو جنۆکەیە ڕزگاریان بێت، کە پێیوابوو بوونی ئەو جنۆکەیە لە ژووری جلگۆڕینی یانەکەیدا هۆکاری سەرەکی ئاست و ئەنجامە خراپەکانیان بوو. ئەو گوتی «بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ پیاوچاکەکە ڕاستی قسەکانم دەسەلمێنم، کە دواتر پەخش دەکرێ، ئەوەی بەهۆی لێهاتوویی توانی جنۆکەکە بەیەکجاری دەربکات، لە ڕێگەی خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانەوە».

سەرۆکی زەمالیک، ناوی جامایکای لە گۆڵپارێزی میسڕی قاڵبوو عیسام ئەلحەزەری ناوە، چونکە گومانی وایە، جنۆکە گوێڕایەڵ دەکات و دەیانهێنێ، بۆ ئەوەی وا بکەن گۆڵی لێنەبێ.

## نهێنی بەهێزیی جەستەی خۆی ئاشکرا دەکات..

# ئەکینفینوا ڕۆژانە 5 ژەمە خۆراک دەخوات



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ئەدیبایۆ ئەکینفینوا، ناسراو بە دەبابەی نێو یاریگەکانی تۆپی پێ و بەهێزترین یاریزانی تۆپی پێ لە جیهاندا، گرنگترین ئەو نهێنیانەی ئاشکراکرد، کە وایانکردووە جەستەی ببێتە تۆپەڵەیەک ماسوولکە.

ئەکینفینوا لە ڕۆژنامەکانی جیهان بە گشتی و ئینگلتەرا بەتایبەتی ناوبانگی دەرکردووە، هەرچەندە ئەو بەشداری لە خولی نایابی ناسراو بە پریمەرلیگ ناکات، ئەوەش بە هۆی کێشی زۆری و بەهێزیی توانای جەستەییەکەی، کە هەندێکیش لە ئینگلتەرا بەهۆی بەهێزی جەستەی، نازناوی «دڕندە»یان لە ئەکینفینوا ناوە.

هەرچەندە زۆر بەهێزە، کەچی ئەکینفینوا چەند ساتێکی ئەستەم ژیا، دوای ئەوەی بەر هەڵمەتی ڕەگەزپەرستی کەوت، ئەوکات وەک پیشەگەر لە لیتوانیا یاری دەکرد. ڕاهێنەرێکیش بەوە تۆمەتباری کرد کە ئۆتۆمبێلەکەی پڕە لە کیسی بەتاڵ لە چێشتخانەکانی خواردنی ئامادەی وەک کنتاکی و ماکدۆناڵدز، هەروەها گوتیشی «ئەکینفینوا کەسێکی پیشەگەر نییە، تاوەکو ببێتە یاریزانێکی تۆپی پێ». بەڵام ئەدیبایۆ ئەو قسانەی بە ناڕاست دانا.

ئەکیتنفینوا ئاشکرایکرد ڕۆژانە 5 ژەمە خۆراک دەخوات، بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە بەهێزی ماسوولکەکانی بکات، ڕۆژانی دووشەممەش دەیکاتە 6 ژەم. سیستمی خۆراکی ئەکینفینوا ڕۆژانە لە کاژێر 7:30ی بەیانی دەستپێدەکات. ئەکینفینوا بە دیقەتی سیستمی خۆراکی و شێوازی مەشقکردنی دەناسرێتەوە، کە بۆ پارێزگاریکردن لە بەهێزی جەستەی ئەنجامی دەدات.


پێشبڕکێ





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت
لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە
بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو هاوکار عەبدوڵڵا لە هەولێر
بە کۆمێنتی: (ئەمنت لێ دیارە؟!)


RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
کۆمپانیای ڕووداو هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە